# پۆرترێتی مەلا هەمزە

سکێچی: شێرزاد حەسەن

هەر لە سەرەتاوە ویستم وای بنوێنم کە من نیازمە راوی پڕشنگێك لە رۆحی جوانی "مەلا هەمزە" بکەم، چونکە ناو و نیشانێکی لەو جۆرە "پۆرترێتی مەلا هەمزە" هەوڵێك و خەونێکە بەوەی گەرەکمە رەسمی رۆحی ئەو زاتە بکەم، کە بەهەموو تەمەنم قەرزاری بووم و ئەو قەرزەش دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی مێردمنداڵیم، کە تەمەنم دە- دوانزە ساڵێك بوو، بەواتا قۆناغی منداڵی و پاشان هەرزەیی من لەبن سێبەری ئەو پیاوەدا رەنگ و رێڕەوی هەر هەموو ژیانم گۆڕا، خۆ بە تەنیا ئەو نەبوو، گەر راستگۆ بم کەسانێکی دیکەش لەو تەمەنەدا هەر هەموو نەخشەی ژیانی منیان گۆڕی، کە بە ژمارە لە پەنجەی یەك دەست تێپەڕ ناکەن، وەلێ "مەلا هەمزە" یەکەمین کەس بوو، هەمیشە سەرسام بووم بە خامۆشی و کەمدوویی ئەو پیاوە، بە تێڕامانە ورد و قووڵەکانی، بەڵام کە دەکەوتە قسەکردن، تەواو جیاواز بوو، بە بەراورد لەگەڵ باوکم، جیاواز لە هەردوو مەلای گەڕەکی کوران، کە یەکێکیان "مەلا حەسەن"ی ناو بوو، لە تەمەنی دوازدە ساڵیمدا ئەو زاتە قورئانی پێ "خەتم" کردم، دیارە من هەر لەو تەمەنە ساوایەدا بە تەواوی خووم دایە مزگەوت و سەرم بچووایە نوێژم نەدەچوو، نەك بە تەنها لە مانگی رەمەزاندا، بەڵکو زۆرجاران لە شەعبان و رەجەبیشدا بە ڕۆژوو دەبووم، بەدەم قورئان خوێندنەوە هۆن هۆن دەگریام و هەر زوو دایکم لە مێشکە ساواکەم ئەوەی چاند کە من و ئەو و هەموو خەڵکی گەڕەك و بگرە هەولێر و دنیاش مەردوومی گوناهبارین و هەرگیز پاك نابینەوە، چونکە لە ئادەم و حەوای گوناهبار کەوتووینەتە خوارێ، لە

سەردەمێکدا کە من هێشتا لەو سەدەها مانایانەی کە بۆ گوناه هەبوون، یەکێکیانم نەدەزانی!
ئەوەی منی پتر سەرسام کردبوو کە بۆچی "مەلا هەمزە" وەك ئەو مەلایانەی گەڕەکەکەمان و شاری هەولێریێ باسی ئاگری جەهەننەم و مار و دووپشکەکانی ناکات، باسی حۆرییەکان و سێو و پرتەقاڵ و جۆگەکانی شیر و شەراب و هەنگوینم بۆ ناکات، کە ئەگەر بمرم لەو دنیاو لە "بەهەشت"دا بە هەزار و یەك ناز و نیعمەتی ئاسمان شاد دەبم، مەلا هەمزە هەرگیز نەدەهاتە ئەو مزگەوتەی کە دووسەد شەقاو لە ماڵی ئێمەو ئەوان دوور بوو، ئەوە یەکەم مەلا بوو کە لە ژیانمدا ببینم و نەچێتە مزگەوت، من هەرگیزاو هەرگیز ئەو پرسیارەم لێنەکرد، چونکە من فێرکرابووم کە پرسیار لە گەورەکان نەکەم، چونکە لەو رۆژگارەی ئێمەدا پرسیار و سۆراغی زۆر هەم بەدڕەوشتی بوو... هەم سەرئێشەو لێدان و کوتانی بەدواوە بوو، جگە لەوەش وایلێهات من ساڵ دوای ساڵ کە فەراقە دەبووم وەڵامی ئەو پرسیارەم دەست کەوت.
من دژی نووسینی لاوانەوەم، هەر بۆیە ناوم لە نووسینەکەم ناوە پۆرترێتی مەلا هەمزە، بۆ من ئەو زاتە نیگارێکی زیندووە، یادەوەرییەکانی هەمیشە تەڕ و سەوزن، هەمیشە لەگەڵمدایە، من پتر لە "35" سی و پێنج ساڵ بەختی ئەوەم نەما کە ئەو رۆحە درەوشاوەو غەمگینەی ببینم، بەڵام هەرگیز ونم نەکردبوو، چونکە ئەو مامۆستای یەکەمم بوو، مامۆستای یەکەم چ چاك و چ خراپ مەحاڵە لەیاد بکرێت. ئێمە یەکێك بووین لەو ماڵانەی کە دوای تێکدانی (گەڕەکی گڵکەند) لەپاش شۆڕشی "14"ی تەمووز بە چەندەها ساڵێك تێکدرا. دەقاو دەق لەیادم نەماوە چ ساڵێك بوو، بەلامەوە گرنگیش نییە بیزانم، چونکە ئەو ساڵانەی منداڵیم جگە لە کۆکەڕەشەو گرانەتاو چەشتنی سەرماو گەرماو ژەهری مار هیچی دیکە نەبوون، ساڵانی کرم دانیشتن و میزبەخۆداکردن و کلۆربوونی ددان و چاوکول بوون و

دڵۆپەکردنی سەربانەکانمان، ساڵانی یەك ڕەنگ و یەك تام و هەر تەنها یەك بۆن، ڕەنگی خەم... تامی برسیەتی... دەنگی ڕمان و داتەپینی ئومێد و خەون و حەزە هەرە ساواکانمان، ساڵانی زیندەگی وەك سەگە بەڕەڵڵاکان، ساڵانی ترس و زەندەقچوون لە حەیزەرانی مامۆستاکان و ساڵانی سواغدانی دەم و چاومان بە تفی باوك و مام و خاڵ و وەستا دڵڕەقەکان، ساڵانی سیان و سیل و وەرەم... هەر لەو ساڵانەدا بوو کە بۆ یەکەمجار گوێم لە مەلا هەمزە بوو درکاندی کە هەژارەکان دەستکردی خوداو ئاسمان نین، بەڵکو بێ سەری و بەری و نەبوونی هیچ دادپەروەرییەکە لەسەر ئەم زەمینە، لەنێوان مەلاکانی مزگەوتی کوران و مەلا هەمزەدا سەرم لێ شێوا بوو، باڵێکم بەدەست مامۆستای ئایین و دایکم و نەنکم و مەلاکانی گەڕەکەوە بوو، باڵەکەی دیکەم بە تەنیا بەدەست مەلا هەمزەوە بوو، هەر لەبەر ئەوە مەحاڵ بوو بفڕم، گەر درۆ نەکەم باڵێکم بەدەست هەموو مەلاکانی هەولێر و کەسوکار و خەڵکی گەڕەکەوە بوو... ڕایاندەکێشام و بەخۆشی خۆم بووبێت یان بەزۆر وایان دەکرد سەیری ئاسمان بکەم، کە ڕۆژێك دێت دەمرم و دەگەڕێمەوە بەر قاپی خوداو لەوێندەرێ قیامەت و حەشر و نەشر چاوەڕێمە، هەر بۆیە توند بە کۆڵەمشت یان بە پەنجەی شایەتمانە سەریان پێ بەرز دەکردمەوە کە سەیری ئاسمان بکەم و بەرپێی خۆم نەبینم، باڵەکەی دیکەم بەدەست مەلا هەمزەوە بوو، کە دەیچرپاندە گوێچکەم، کە هێشتا قیامەت لە مێردمنداڵێکی وەك منەوە یەکجار دوورە، دوورتر لەوەی خەیاڵی ترسنۆکم بیگاتێ، هەر بە چرپەوە لەوە دەگەیشتم کە مەلا هەمزە گەرەکی بوو سەیری ئەو گەڕەکە بکەم و ئاسانە هەر بە تێڕامانێك تێبگەم پێویست ناکات چاوەڕوانی قیامەت بم چی تێدا دەقەومێ، کە لێرەو هەر هەنووکە هەموو ڕۆژێك قیامەت بێت، کە ئەوان زۆرتر بوون و باڵی ڕاستەم بەدەستیانەوە لەوەدابوو لەبن و بۆتکەوە بقرتێت، ناچار مەلا هەمزە باڵی چەپمی بەردەداو بەمیهر و سۆز و

بەزەییەوە بەرەڵلاّی دەکردم نەبا وەك مەلێکی چکۆلەو لاواز هەردوو باڵم بقرتێن، وەڵێ نیگای دەکردم کە بگەڕێمەوە بەر هەیوانی خانووە گڵینەکەیان و هێشتا دوو قسەی ماوەو حەزدەکات بە دزییەوە پێم بڵێ، هێشتا مابووی گومانێکی چکۆلە بەقەد ئەو کەلا شووشەی ناو لەپم بخاتە ناو رۆحمەوە.

هەموو خانووەکانی (گڵکەند) تێکدران، سالاّنێکی زۆر و دوور و درێژ گڵکەند گەڕەکی هەموو ئەو خانەوادانە بوو کە نەیاندەتوانی لە هەولێر بستێك زەوی بکڕن، گڵکەند گەڕەکی هەژارترین هەژارەکانی شاری هەولێر بوو، گەڕەکێك لە گەڕەکەکانی دۆزەخ کە خودا بەرێکەوت لەدەستی کەوتبێتە خوارەوە، لەیەکەم بارانی پاییزەوە تا سەرەتای هاوین جگە لە زەلکاوێکی گەورە هیچی دیکە نەبوو، جگە لەمێش و مەگەز هیچی بەرهەم نەدەهێنا، مۆڵگەی گووبۆق و کەڕەکیفەی گووفەکەکان بوو، لەوە دەچوو هەم خوداو هەم حکومەت لەیادی چووبێت گەڕەکێکی وا رەش و پڕ لە برسا مردوو لەو شارە دێرینەدا لەتاو سیل و وەرەم گران هەناسە دەدات، چی باراناو و لافاوی شار هەبوو دەڕژایەوە ناو ئەو گەڕەکە زۆر پەرپووتە، منداڵی خنکاوو پشیلەو سەگی خنکاو و مردارەوە بوو پێکەوە سەر ئاو دەکەوتن.

منی جیقن و بابردەڵە چۆن و بۆ نەخنکام؟ نازانم...!

(گڵکەند) تێکدراو خەونی شەرمن و خەیاڵی ترسنۆك و خەمی رەشمان دەنێو دار و پەردووی دوای وێرانەی گەڕەکی کاوڵبوومان بەجێمان..!

گڵکەند نەماو لەبری ئەو ماڵڕمانە کە پتر لە گۆڕ و کۆلیتی سەگان دەچوو... هەر خانەوادەو شەست دینار و پارچەیەك زەویان پێبەخشرا لە گەڕەکی کوران، کە پتر کۆچبەرانی گوندەکانی هەولێری تێدا نیشتەجێ بوون، کە هەر ماڵەو خودانی هەقایەتێکی رەشی خۆی بوو، ئێمەش بووین بە خاوەنی کەلاوەی خۆمان.

من سەرەتا کە ناوونیشانەکەم نووسی، بەو نیازە بووم کە رەسمی رۆحی مەلا هەمزە بکەم، بەلاّم ترسام و لەبری وشەی نووسینی گۆڕیم و کردم بە "سکێچی"، چونکە دەزانم وشەی پۆرتریێت داوای جۆرێك لە قووڵبوونەوە و تێڕامان و بینین و خوێندنەوەی رۆحی مەلا هەمزەم لێدەکات، سکێچ چ بۆ نیگار و چ بۆ چیرۆك شەرمنی و ترسی پێوە دیارە، چونکە سکێچ نیگار و وێنەیەکی سادەترەو بەپەلە هێڵ و رەنگەکانی رژاون و ئەوەندەش ورد و پڕ نییە، چیرۆکێکە کە تەنها دەرەقەتی هەقایەت و حەقیقەتەکانی دەرەوە هاتووە، نەك ناوەوە، من نامەوێت پەلە بکەم و بێباك بم ئەو کاتەی لە پیاوێك دەدوێم شەرم لە جوانی و میهری زۆری ئەو بکەم، ئەو رۆژگارەی پیاوەکانی دیکە بە وەستاو مامۆستاوە، بە باوك و مامەوە بە سەرە سم لە لمووزیان دەدام، کەچی ئەو وەك ئەوەی گەوهەرێك لەناو قوڕولیتاو دەربهێنێ، منی لەبن دەست پێی ئەو پیاوە تووڕەو تۆسنانە دەردەهێنا.

رێکەوت وایکرد ببین بە دراوسێی مەلا هەمزە، لە (گڵکەند) زەڵکاوەکە کەوتبووە ناو دڵی گەڕەك، لە (کوران) زەلکاوێك کە بە "گۆمی میری" ناوزەد دەکرا بوو بە دراوسێمان، ئەوەی کە ئێمەی منداڵ لەو سەردەمەدا لە گڵکەند بەجێمانهێشت "گۆڕستانی شێخ محەمەدی خۆراسان" بوو، کە تاکە یاریگا و شوێنی زرمە زلێ و راکە راکەی ئێمە بوو بەناو کێلەکان و مردووەکاندا، تەنها ئەوکاتە دەوەستاین لەترسی گەورەکان کە مردوویەکیان دەناشت، ئێستاکەش ناشتنی مردووەکان دیمەنێکی ئاساییە لام، وەك گەمەی فتبۆڵێن! ئێمە هەمیشە یان دراوسێی زەلکاو بووین یان هی گۆڕستان.

لەو تەمەنە ناسکەدا بوو کە واماندەزانی هەژاری بەخششی خودایەو ئێمە خۆشەویستی ئاسمانین، بۆیە رووت و رەجاڵ و برسین، مەلا حەسەن و مەلا زاهیر و دایکم و مامۆستاکانی وانەی ئایین دەیانووت ئێمە کە لێرەو

هەنووکە، لەسەر ئەم سەرزەمینە کە هەژارین، لە قیامەتدا دەوڵەمەند دەبین، دەوڵەمەندەکانی ئەم دنیایە هەژارەکانی بەر قاپی خودان.
مەلا هەمزە دەیچرپاندە گوێچکەم کە ئەوەیان درۆیەکی شاخدارە، ئاخر ناکرێت خودا ئەوەندە کاڵفام بێت هەر بە هەوەنتەو بێ هۆو بیانوو یەکێك دەوڵەمەند بکات و یەکێك هەژار بکات، مەلا هەمزە گومانی دەخستە دڵمەوە و لە ترسانا دەچووم پەنام دەبردە بەر قورئانەکەو بەدەم گریانەوە دەمخوێندەوە و دەملووراند کە خودا ئەو گومانەم لەدڵ دەربکات، کە خەریك بوو رۆژ بە رۆژ لە رۆحما چەکەرەی دەکرد و گەورەتر دەبوو، رۆحی من دوو لەت ببوو، سۆزێك دەیبردمەوە لای دایکم و مەلا حەسەن، ئەو پیاوە بە سام و کەڵەگەتەی کە هەموو گەڕەك شەرمیان لێدەکرد، هەر کەواو سەڵتەو مێزەری سەری و دەنگە گڕ و کەرخەکەی بەس بوو بۆ ئەوەی لەبەردەمیدا لاڵ ببم و هەرگیز نەوێرم بپرسم: ئەرێ مامۆستا ئێمە بۆچی هەژارین؟
زۆر درەنگ تێگەیشتم کە ئەوە من نیم بە تەنیا کەڕ و لاڵ پەروەردە کراوم، بەڵکو من لە دنیایەکدا دەژیم کە زۆرینەی پرسیارەکان و گومانەکان تیایدا حەرامن، چ لە ماڵ و چ لە مەکتەب و چ لە مزگەوت، مامۆستاکان و باوکەکان و مەلاکان "گوێکەڕیلە" و مەردوومی بێ زمان و گوێ و چاو دروست دەکەن.
لەناو ماڵێکی بێ پرسیار و گومان، گەڕەکێك و بگرە شارێکی بێ پرسیار و گومان، مەلا هەمزە بێ بۆنەو بیانوو لەنێو ئاخنی وتەو گوفتارەکانیدا سەد و یەك گومان و پرسیاری لە رۆحمدا دەچاند، هەمیشە لەتێك لە رۆحم وەك چۆلەکەیەکی برسی، وەك کۆترێکی ترسنۆك لەبەر هەیوانەکەی ماڵی مەلا هەمزەدا باڵەفڕەی دەکرد، پاشان وای لێهات هێلانەیەك چێبکەم، ئەو زاتە تاکە کەسێك بوو کە هەم کەللەسەری منی کردبووە پوورەی هەنگی سەدەها پرسیار و گومان، هەم هێمنانەو بە زمانێکی سادە کە عەقڵی من هەرسی

بکات، هێدی هێدی فێری پرسیاری حەرام و قاچاغی کردم، ئەو خۆی کتێبی قاچاغی دەخوێندەوە، بۆ یەکەمجار لەسەر بەڕەو رایەخەکانی ناوماڵەکەی ئەودا مارکسم ناسی، کە سەرسام بووم بەو ردێنە چڕ و پڕەی، چڕ و پڕ بەقەد ریشی "سەید گوڵ بەرزنجی" کە تاکە شێخێکی گەڕەکی گڵکەند بوو، پاشان وەك باقی خەڵکەکە گواستیانەوە گەڕەکی کوران، کە هەمیشە لەتەك نەنکم "فاتم"دا کە دەرویێشی سەید گوڵ بوو دەچووومە ماڵە بۆن خۆشەکەیان، کە تیایدا هەموو شت سەوز دەچۆوە، هەمیشە نەنکم بۆ ئەوە دەیبردم کە دەستی موبارەکی بەسەرمدا بهێنێت تاوەکو "ساڵح" بم، هەمیشە سەروسیمای سەراسیمەی دەکردم، بەوەش پتر سەرسام بووم کە دایکم و نەنکم سوێندیان دەخوارد کە "یا شێخ" دەیەها شێتی گەڕەکی خۆمان و هەولێری چاك کردۆتەوە، حەزمدەکرد رۆژێك یەکێك لەو شێتانە ببینم، کە لەژێر دەستی یاشێخ چاك دەبۆوە.. وەلێ نەدەڕەخسا.

کە جارێکیان لە مەلا هەمزەم پرسی کە ئاخۆ شێتەکان لەسەر دەستی شێخەکان دێنەوە سەرهۆش و گۆشی جارانیان... تەنها خەندەیەك نیشتە سەر لێوی... خەندەیەك کورت و زیرەکانە کە پڕ بوو لە نەخێر و گومان... ئیتر بۆ زۆر پرسیار و گومانی دیکەم سەر لەقاندنێکی بەڵێ بوو، خەندە خوارەکەی کە سمێڵە قنجەکەی لەگەڵدا دەکەوتە خوارێ "نەخێر" بوو، ئەو یەکەم کەس بوو کە وەك هەڵۆ تیژ لەدوڕ چاوانم رادەما کە قسەی لەگەڵدا دەکردم، هەمیشە گەورەکان لاوونیو، یا بە گۆشەنیگا سەیریان دەکردم، یان ئەوەتا بەدەم قسەوە پێیان شەرم بوو سەیرمان بکەن، ئێمە لە چاوی ئەواندا کۆمەڵێك بۆقی ناو زەلکاو بووین، لەو هەموو ساڵانەدا کە هەموو پیاوەکانم دەبینی لە مامۆستاو باوك و مام و خاڵ و وەستاو خەڵفە دەم بەهات و هاوار بوون و بەنەڕەنەڕ فەرمانیان دەردەکرد، بۆ یەکجاریش گوێم لە هاوارێکی... دەمەبۆڵەیەکی ئەو پیاوە نەبوو... پڕ بوو لە هێمنی و تێڕامانێکی قووڵ کە دەیبردیتەوە بنی بیرێکی تێفکرین.

هەر لای ئەو بوو "لینین"م ناسی، دواتر "کلیلە و دمنە" و "هەزار و یەك شەوە" و چەندەها کتێبی دیکە کە لەناو ئەو هەموو ناوونیشانەدا ون بووم و هەم خۆم دۆزییەوە، دواتر... درەنگتر تێگەیشتم کە کتێبە راستەقینەکان ئەوانە نەبوون کە لە مەکتەب دەمانخوێندن، بەڵکو هەموو ئەو کتێبە حەرام و قاچاغانە بوون کە لە خانووە پەرپووتەکەی مەلا هەمزەدا بەرچاوم دەکەوتن، کتێبەکانی قوتابخانە منیان کردبوو بە تووتی "بەبەغا"، کتێبە حەرامەکان منیان دەکرد بە هوزاری خۆشخوان و مەلی بەرزەفڕ، هەر رۆژەو باڵێکم لێ ئەڕوا، هەر رۆژەو چاوێکم زیاد دەکرد و گوێ و زمانی دیکەم لێ دەڕسکا.

لەو تەمەنەدا یەکەمین رووداو کە منی لە منداڵی و کاڵفامی دەرهێنا گرتن و بردنی مەلا هەمزە بوو، ونبوونی ئەو لەناکاودا پرسیار و گومانی گەورەتری لەلا دروستکردم، ونبوونی ئەو ویڵبوونی خۆم و پرسیارە سەرەخۆرەکانم بوو، تەنیا مانەوەم لە گەڕەکێك کە بێ بوونی ئەو زاتە لە بیابان دەچوو، ئاشنابوونی من بوو بە کتێبە رەشەکان و لاوك و حەیرانەکان، بە وێستگەکانی هەر هەموو جیهان لەرێگەی خەڕەکە شکاوێکەوە کە شەوەهای شەو دەینا بە پەنا گوێی خۆیەوە تا دوا دەنگوباس و خوێن و فرمێسکی دنیا بڕژێتە ناو هەناوی. دواتر زانیم ژەندرمەکان هاتبوون تاوەکو ئەم چیدیکە خەونی ئازاد نەبینێت، خەیاڵی سەرفرازی دوور نەیبات، باشترین شوێن بۆ کوشتنی خەون و خەیاڵەکان بەندیخانە بوو، ئەو دەیوت" بەندیخانە قوتابخانەی مێرانە".

ئەو رۆژەی گیرا، بەر لەوە زانیبووی دەگیرێ و لە گرتووخانە توند دەکرێت... ئەوەیان کوو؟ نازانم..!

بەر لەوەی بەسەری دابدەن و ماڵەکەی بپشکنن و بەدوای خەون و کتێبی حەرامدا بگەڕێن... خەیاڵ و ختوورەو ئومێدی قاچاغ بدۆزنەوە، توانیبوویان بە یارمەتی دایکم کە جگە لە قورئان هیچ کتێبێکی بەپیرۆز

نەدەزانی، توانیبوویان (مارکس) و (لینین) بگوێزنەوە ماڵی ئێمە لە ناندین و کۆلیتی مریشکەکان بیانشارنەوە. من تا ئەو حەڵەش نەمدەزانی ئەم کتێبانە بۆ دەبێت ئەوەندە ترسناك بن؟!

درەنگتر زانیم کە ئەم زاتە کتێبەکان دەخوێنێتەوە و پاشان بە دزییەوە لەژێر زەمینەکان خەڵکی کۆدەکاتەوە و زۆر سادەو ئاسان فێریان دەکات کە بەو ژیانە دۆزەخییە قایل نەبن، ئیتر بۆ چەند رۆژ و مانگێك دەنگ و سەدای مەلا هەمزە لە کۆڵانەکەی ئێمەو کۆڵانەکانی "کوران" دابڕا کە بەخۆی و سەبەتە پڕ لە لۆبیاو نۆکی گەرمەوە هاواری دەکرد: "لۆبیای گەرم.. گەرم و نەرم".

من هەمیشە لۆبیاو نۆکی گەرمم لەو دەکڕی، وەك چۆن کتێبەکانی جیاواز بوون لە کتێبەکانی مەکتەب، لۆبیاو نۆکەکەشی لەبن زمانی مندا تامی جیاواز بوو، دایکم پتر نوێژی دەکرد و دەگریاو دەپاڕایەوە کە خودا لەسەر ئەو گوناهە لێی خۆش بێت، گوناهی شاردنەوەی کتێبی کافرەکان، باوکم وەك پۆلیسێکی قومارچی و بێباك و خودانەناس جڕتێکی بۆ دایکم لێدەداو هەر بە ئەنقەست دەهەری دەکرد و دەیوت: "زارۆك... هەر نوێژان بکە.. قوونت بە بەرماڵەکەوە بنووسێت... خودا دەتخاتە جەهەننەم!".

ئەویش دەیوت: "ئەمن لەپێناو منداڵەکانی مەلا هەمزەی ئەوەم کردییە، خوداش لەبانی سەریٚ عالیمە!".

باوکم و مەلا هەمزە-م نەبینی بچنە مزگەوت، ئەوەش شتێکی دەگمەن بوو. دایکم زۆرجاران لێی دەپرسیم کە مەترسی ئەو کتێبانە چییە کە حکومەت وەها تووڕەیە لە مەلا هەمزە، زۆر بە سادەیی پێمدەوت کە ئەم پیاوە بە ڕدێنە و ئەم کەچەڵە دەڵێن هەق و راست نییە هەندەك نانیان هەبیٚ و بیخۆن و هەندەك نەیانبیٚ، هەر زەنگین و خوداپێداوێك بەشی فەقیرەکی خواردییە..! دایکیشم دەیوت: "وەڵڵاهی خۆ قسەکەی جوانە، بەڵانەکینیٚ،

خودا خۆی حەکیمەو دەزانی چ دەکاتن، رزق بەدەست خۆیتی و هەق نییە عەبدی وەکی مە دەمی تێوەرداتن!".

لە وێنەکەی مارکس ورد دەبۆوە و بەشەرم و ترسەوە دەیوت "سوبحانەڵلاَ چەند بە بابە شێخی دەچیتن".

ئەوەی لەیادی مندا مابێت بەردەوامبوونی هەلاَت هەلاَت و لەناکاو ونبوونی مەلا هەمزە بوو، ئەو کۆلاَنەی ئێمە یەکجۆر زیندەگی هەبوو، کە شەوەکان و رۆژەکانی وەك دانەکانی تەزبیحێك لەیەکدی دەچوون، یەك رەنگ و یەك تام و یەك بۆن، ئەوەی ئیقاعی ئەو کۆلاَن و گەڕەکەی تێك دەدا ئەو پیاوە زۆر خامۆش و کەمدووە بوو، درەنگ تێگەیشتم کە ئەو زاتە شۆڕش و گڕکانێکی لەناو دڵی خۆیدا شاردۆتەوە، ئەو پیاوە وردیلەیە پیاوە گەورۆنەو بەدەستەلاَتەکانی هەولێریی لە زەواق نابوو، باوکی من پیاوێك بوو هەمیشە بۆ مەرگ و نەمانی تەختی پاشایەتی دەگریاو گەرچی نەخوێندەوار بوو، بەلاَم هەمیشە بە گومان بوو لە چەپڵەلێدان بۆ کەریم قاسم، تەنانەت لەوەشدا ستایشی نەدەکرد کە ئێمەی لەناو زەلکاوەکانی گلکەند دەرهێنا، باوکم تا مردیش بڕوای بە دنیای سیاسەت نەبوو، بە درێژایی ژیانی بڕوای بە چوونە ناو مزگەوت و ژێر زەمینەکانی پڕ لە چرپە چرپی سیاسەت نەبوو، لە راستیشدا "حکومەتی کۆماری" لە رۆژهەلاَتی ناوەڕاست درۆیەکی گەورەیە گەر وشەی "کۆماری- جمهوری" گەڕانەوە بێت بۆ ناو خەڵك و میللەت بۆ فەرمانڕەوایی، ئەوەشیان هەر درۆیە، چونکە فەرمانڕەواکان وەك "مێگەل" سەیری خەڵکانی بندەستی خۆیان دەکەن، بەلاَم لە هەمووی سەیرتر ئەوەبوو کە باوکم گەرچی پۆلیسێکی مەسلەکی بوو، کەچی ئامادە بوو کتێبە قاچاغەکانی مەلا هەمزە لە ماڵی ئێمەدا بشارنەوە، وابزانم لەدوا قۆناغەکانی تەمەندا هەردووکیانم بینیەوە لەسەر بەرماڵ، ئەوەش سەیر نییە لە دونیای ئێمەداو لەژێر سایەی زاڵبوونی کلتووری ئیسلامدا بۆ ماوەی پتر لە چواردە سەدە.

من تەمەنم دوازدە ساڵ بوو کە قورئانم خەتم کرد، دایکم خەونی بەوەوە دەبینی کە مرد من "یاسین"ی لەسەر بخوێنم، ئیدی وایلێهات کە خەڵکی گەڕەك بۆ سەرەمەرگی هەر ئازیزێکیان بە هەڵەداوان دەهاتنە لای دایکم کە فریا بکەوم و قورئان لەسەر ئەو کەسانە بخوێنم کە لە گیانەڵاّدا بوون، دەستێکیان بەدەست مەرگەوە بوو، دەستێکیان بەدەست ژیانەوە، زۆرجاران لەناو گەرمەی گەمەو زرمە زلێدا بانگیان دەکردمەوە، دەبوو زوو "تارەت" بگرم و بەپەلە دەستنوێژ بگرم و تاو دەمە قورئانەکەو بە گورگە لۆقە خۆت بگرە نیوە مردوو ئەوە هاتم، کەس بانگی مەلا حەسەن و مەلا زاهیری نەدەکرد، هەردوو مەلاکە سام و هەیبەتێکی عەنتیکەیان هەبوو، دیارە نەدەکرا مەلا هەمزەش بانگ بکەن کە بە دزییەوە کتێبی کافرەکان دەخوێنێتەوە، من لەو کاتەوە تا کۆلیژم تەواو کرد، بە واتا لە دوازدە ساڵییەوە تا تەمەنی بیست و چوار ساڵی بووم بە قورئان خوێن و یاسین خوێنی گەڕەکی کوران، هەمیشە ناوپستێرم تەڕ بوو، ئەوەندە پیاو و ژنم بینی کە یاسینم دەخوێند لەسەریان کە ڕۆحی داغان کردم و بە تەواوی لە ژیان تۆرام، مەرگی ئەو هەموو خەڵکە کە نەخۆشی یان پیری دەیکوشتن منی لەباوەشی گەمەو خۆشی زوو دەرهانی. ئیدی دڵم تۆرا لە گەمەو کەیف و سەفای گەنجانە، هەژاری و بێ پوولی ئەوەندەی تر منی لە هاوڕێکانم دابڕی، لەیادمە زۆرجاران لە دوورەوە سەیری کوڕیژگەکانم دەکرد کە هات و هاواریان دەگەیشتە حەوت تەبەقەی ئاسمان.

تاکە شتێك کە لەناو ئەو خەم و تەنیاییە دەریهێنام مەلا هەمزە بوو، دیسانەوە ئەو تاکە کەسێك بوو کە لەگەڵ ژیاندا کەمێك ئاشتی کردمەوە، ئەو بوو توانی چەندەها هەنگاو لە ترس و تارماییەکانی مەرگ دوورم بخاتەوە، دوورم بخاتەوە لە سیمای زەرد و کەفە ژیلکەی لالیوی نیوە مردووەکان، لنگەفرتێ و هاوار و ناڵەناڵی سەروەختی ئاوزینگدان، دارستانێکی پڕ لە قاووقیژی ئەو کچ و ژنانەی منیان گەمارۆ دەداو بەچوار

دەوری مندا سەمای مەرگیان دەکرد، بسك و کەزییان دەکردەوە، لەداخی زەمانە کراسیان دادڕی و بەدەم هیستریاوە هەلهەلەو وەلوەلەی مەرگ لەو ژوورە تاریکانەدا کاس و کەڕیان دەکردم، ئەو ژن و کچە غەمگینانە بە سینەو بەرۆکی نیوە رووتەوە بێئاگا لەخۆیان پێیان لەمن داناو بەسەرمدا دەکەوتن، مەمك کە لەو ئان و ساتەی مەرگ و شین و واوەیلایەدا کە لەناکاو لە یاخەی دادڕاوەوە فرتەی دەکرد و دەهاتە دەرێ و دەمدی، هەرگیز مەمکی ناو حەیران و گۆرانییەکان نەبوو، مەمکێك بوو تێکەڵ بە تام و بۆن و رەنگی مەرگ کە لەمندا هەموو هەوەسێکی گەنجانەی دەکوشت... هەروەك میوەیەکی گەنیوو کرم تێکەوتوو، لەژێرەوە خامۆش و مردەڵەو زەندەق چوو بەدەم قرخە قرخی گریانەوە یاسینەکەم دەخوێند و بیرم لەوە دەکردەوە هەنووکە هاوڕێکانم شەلاڵی ئارەقن و بەدوای تۆپێکدا ئامادەن تا قیامەت رابکەن.

هەر لەو سەردەمی کوژرانی رۆح و کوێربوونی دڵ و کوژانەوەی چاو و هەناسەسواری و هەمیشە تەڕبوونی شەڕواڵەکەم، تاقە شەڕواڵ، بە میز بەخۆدا کردنی شەوانەم، کەڕبوونی گوێم بە هاوار و قیژەی ئازیز مردەکان... کەفکردنی خوێنم بە هەوەسێکی گەرم و شەرمنانەی ناو خەون و خەیاڵە حەرامەکان... لە ناکاو کووژانەوە و کوشتنی ئەو هەوەسە بە ئاوی تەزیوی ئەو هەموو مەرگە سارد و سڕە... کتوپڕ لە ئێوارە وەختێکدا مەلا هەمزە لەنێوان کتێبە زەرد و قاچاغەکانی خۆی، لەنێو ئەو هەموو کاغەزانەی کە بە کاربۆن کۆپی کرابوون، رەنگی شینی زۆر تۆخی ئەو کاربۆنانە کە هەموو دەست و پەنجەی مەلا هەمزەیان مۆرکردبوو رەنگێکی ترسناك بوو کە دەیبردیتەوە سەر تاریکی ژێر زەمینەکانی سیاسەتی قاچاغ و ژوورە پڕ هاوارەکانی سزاخانەو زیندان... بۆنی مەرگ و سەرنگونی... دەنێو ئەو دنیایەدا کە ئەوەندەی ژێر هەیوانی خانووە ساردەکەی مەلا هەمزە چکۆلەو بێ گرێ و خەم دەردەکەوت، ئەوەندەش ئاوەدان و پڕ لە

هەراو شۆڕش و دەنگ و باسی هەموو جیهان بوو... هەر لەوێداو لەو دەمەو ئێوارە بێ بەروارو بێ مێژووی ژیانی من کتێبێك سەرنجی منی راکێشا، کتێبێك کە لە کتێبەکانی مارکس-ی ریشن و لینین-ی کەچەڵ جیاواز بوو، لە کتێبە زۆر بێ تام و وەڕسکەرەکانی مەکتەب جیاواز بوو... نامۆترین کتێب بە هەموو ئەو گەڕەکە کە تیایدا دار و دیوار و سیماکانی رەنگ و بۆنی ترس و شەرم و مەرگ و برسییەتی گرتبوو، ژمارەی مەرگی ناوادەی منداڵ و گەنجەکانی لەهی پیرە دەردەدارەکان کەمتر نەبوو، گەڕەکێك کە تازە بەتازەو بە ژمارەیەکی یەکجار کەم منداڵەکانی فێری "دارا دوو داری دی" دەبوون. تازە بەتازە لەو سەدەها ماڵانەی گەڕەك تاك و تەرا دەوێران کچەکانیان بنێرنە مەکتەب، من چاك لەیادمە کە لە زانکۆ وەرگیرام، ساڵی هەزار و نۆسەد و هەفتا، سەیر و نەنگی بوو پانتۆڵ لەبەر بکەم، هەر لەبەر ئەوە لە دارستانەکەی نزیك بە "کوران" دەبوو شەرواڵەکەم بخەمە جانتاکەم و پانتۆڵەکەم لەبەر بکەم و ئینجا بچمە بەغدا، کە لە بەغداش دەگەڕامەوە ناچار هەر لەو "غاباتەی کوران" پانتۆڵەکەم بە شەڕواڵەکە دەگۆڕی و ئینجا دەچوومەوە ماڵێ، تاك و تەرا لە کۆتایی شەستەکان و سەرەتای هەفتاکاندا زاتی ئەوەیان کرد لەو گەڕەکەدا پانتۆڵ و چاکەت لەبەر بکەن.

تا ئەو دەمەو ئێوارەیە هەرگیز بەختی ئەوەم نەبوو لە نزیکەوە دەست لە کتێبێك بدەم بەدەر لە کتێبەکانی جوگرافیاو ئایین و کوردی و ماتماتیك و مێژوو...هتد. کتێبەکانی مارکس و لینین بەو بەرگە زۆر تەقلیدی و بێ رەنگەوە، بەو زمانە زۆر وشك و برینگەوە سەرنجی مێردمنداڵێکی وەکو منیان رانەدەکێشا، تا ئەو سەردەمە بەدەر لە کتێبەکانی مەکتەب بە تەنها قورئان-م دیبوو، جیاوازی قورئان وەك شێوە لەوەدابوو کە بە زمانی دایکم نەبوو، زەحمەتێکی زۆری دەویست کە لە مانای ئایەتەکانی تێبگەم، جگە لەو نووسینە پڕ لە زەخرەفەو پیتە لار و کلکدارانەی، ئەو هەموو سەروژێرەی کە تەواو وێڵی دەکردم، شەددەو فەتحەو کەسرەو زەممە، ئەو

هەموو ئەستێرەو گوڵ خونچانەی نێوان ئایەتەکان، چوارچێوەی نەخشینی هەر چوار لای ئایەتەکان لەیەك لاپەڕەدا، سەرباری سەداو خوێندنەوەکەی کە منی غەمناکی دەخستە سەر گریان، لە هەمووی پتر هەقایەتەکانی ناو ئەو کتێبە سەرسامی دەکردم، بە تایبەتی "سورەتی یوسف" کە وای لێکردم سەیری کچە باڵق و نەباڵقەکانی گەڕەك نەکەم، زۆرم هەوڵدەدا وەك یوسف پێغەمبەر داوێن پاك بم، من یەکێك بووم لەو لاوە دەگمەنانەی کە هەرگیز نەموێرا دڵداری بکەم، هەمیشە دەمویست خەیاڵی خۆم لە حەرام پاك بکەمەوە، هەر هاوڕێ و خزمێکم هەقایەتێکی درۆ یان راستی دڵداری هەبوو، من لەوکاتەدا خۆم بۆ قیامەت و سەفەری ئاخیرەت ئامادە دەکرد، خەونێکی حەرام بەس بوو بۆ ئەوەی بەیانییەکەی بگریم و شیوەن بکەم و خۆم "بسمیل" بکەم و "غوسل" دەرکەم و قوونم بە بەرماڵەوە بنووسێنم و دەیەها جار بگریم تاوەکو خودا بمبەخشێت کە بێئاگا لەخۆم شەیتانی بووم، لە هەموو کچ و ژنەکان دەترسام و وام هەستدەکرد گەر بە ئیمان و بورهانی خودا چەکدار نەبم ئەوە سووکێ کچانی "حەوا" لە خشتەم دەبەن، وامدەزانی هەموویان وەك "زولەیخا"ی ژنی "عەزیزی میسری" پاشا، گەر بۆیان بڕەخسێت لەخشتەم دەبەن، لە ناوەوەمدا جوانی دەیکوشتم، کەچی نەدەبوو نوچەدەم و فریو بخۆم، بۆمن پاکیزەیی و خۆهەڵگرتن بۆ حۆرییەکانی بەهەشت دوا ئامانج و دوا خەون بوو، هەرکاتێك بمزانیایە نیگای کچۆلەیەکی کاڵفامی گەڕەك تووشی گرانەتام دەکات و خێل و سەرمەستم دەکا، خوێنم کەف دەکاو هەوەسێك وەك کوچکە بەردێکی سەر ئاگر ناو هەناوم دەسووتێنێ، خێرا پەنام دەبردەوە بەر سوورەتی یوسف تا بیکەم بە شوورەو قەڵغانی رۆحی لەرزیوی خۆم... ئاه... چ حەسرەتێکە کە تا هەنووکە لە دڵمدایە کە بۆچی جارێك... تەنها یەکجار لەو رۆژگارەدا فریوم نەدەخوارد... هەزار حەیف و مەخابن...!!

هەر لەو سەروبەندەدا... هەر لەو رۆژگارەی تەمەن بەفیڕۆدانەدا ئەو کتێبەی سەر لبادەکەی ماڵی مەلا هەمزە فریوی دام و شێتی کردم، جیاوازی ئەو کتێبە لەوەدا بوو کە بەرگەکەی رەنگاوڕەنگ بوو، گەرچی کتێبەکە پەرپووت و ماندوو بوو، وەلێ نیگاری هێشتا زاڵ و زێدە زیبای ئەو کچەی سەر بەرگەکە پێیدەوتم وەرەو مادامەکێ ئەوەندە ترسنۆك و شەرمنی و لە کچەکانی گەڕەك تۆراویت و چاوت لە ئاستیاندا دادەخەیت، وەرەو عاشقی من ببە، چونکە من کچێکم لە کاغەز، ئەوەی لەیادم مابێت کچێکی سەرکۆت بوو، قژی بەسەر سەرییەوە بە لوول و پێچ تۆپەڵ کردبوو، گوارەی شۆڕ تا سەر شانەکانی کە لەبەر چاوانم دەلەنگییەوە، بەرملی رووتی تاوەکو درزی سەر سینەو دۆڵی بەرتەنگی نێو مەمکەکانی کە ملوانکەیەك وەکو زیندەوەرێکی بیژی لەنێو ئەو درزە ناسکەدا گەمارۆ درابوو بە دوو شەمامە... شەمامەی باخەڵێ... وەك هەنووکە لەیادمە ناوی کتێبەکە "الفریسە" بوو، کە رۆمانێکی "ئامل زۆلا" بوو، کە رۆماننووسێکی فرەنسییە، تا ئەو حەڵە نەمدەزانی لەناو ئاخنی ئەو رۆمانەدا چی دەگوزەرێت، وەلێ دەمزانی ناوونیشانی کتێبەکە واتا "نێچیر"، بوو بە مەراقم کە ئاخۆ ئەم نیگارە جوانەی ئەو کچە بۆ دەبێت نێچیر بێت، بیستبووم کە بە کەروێشك و ئاسك و هەندێك لە ئاژەڵ و مەلی دیکە دەوترێت نێچیر، بەڵام بۆ دەبێت ئەو خانمە نێچیر بێت، گەر وابێت نێچیری کێیەو بۆ نێچیرە؟ ئاخۆ هەر بەنێچیری دەمێنێتەوە یان رزگاری دەبێت؟ هەموو ئەو پرسیارانە هی دنیای مرۆڤ و پەیوەندی ئادەمیزادەکان نەبوو، بەڵکو پەیوەست بوو بە جیهانی مەل و گیاندارەکانەوە... بە پەیوەندی نێوان راوچی و نێچیرەکان، کە لە دەوروبەری خۆمدا هەبوون، لە دەرودراوسێ، لە هەمووان نزیکتر بۆمن "دەروێش رەحمان بوو، پاڵەوانی "ریشۆڵە" و "گوناهی سپی" و رۆمانی "پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان"م.

لەنێو تاسان و تێڕامان و وێڵبوونم لەناو ئەو پرسیارانەدا مەلا هەمزە خەیاڵ و ختوورەکانی ڕەواندمەوە و پرسی:

"لەچی ورد دەبیتەوە..؟"

ئەم هەر بە ئەنقەست وازی لێ هێنام، کە لە وێنەکەو ناوونیشانەکە وردبیمەوە، ئەم هەرگیز ڕاستەوخۆ پەلەکێشی ناو هیچ بابەت و کێشەیەکی نەدەکردیت، هەمیشە لێدەگەڕا خۆت بکەویتە ناو مەراق و سۆراغ و پشکنین، وەك ئەوە وابوو بتخاتە سەر ڕێگایەك و بڵێ: دەی بزانم بوێرە و سەفەری خۆت بکە.

"ئەم کتێبە چییە؟"

ئەم لەبری وشەی "ڕۆمان" وتی "ڕوایەیە".

"ڕوایە چییە؟"

"هەقایەتێکی درێژە"

"باسی چ دەکاتن؟"

"باسی ئینسان دەکاتن.. باسی عالەمێ... کوو دەژین... کوو فیکر دەکەنەوە.. دەردو بەلأیان چییە... کێشەو گرفتیان"

"لۆ دەیخێنییەوە؟"

"لۆ ئەوەی بزانم میللەتەکانی دیکەش کوو دەژین.. کوو دەخۆن... کوو لەبەر دەکەن... وەکی مەنە یان جوداوازن... لۆ جوداوازن؟ مەرگ و ژیانیان کووە..."

"لۆ ئەو هەموو شتانەی تێدایە؟"

"چیرۆك و ڕوایە بەشێکی زۆر لە ژیان و نهێنی و ماجەرای خەرکی دەخاتە بەرچاوان"

بەهەرحاڵ ڕۆمانی "نێچیر" منی کردە نێچیری خۆی و ڕاوی کردم... لەتەك مەلا هەمزەو بە یاوەری ئەو زاتە یەکەمین گەشتی خۆم دەست پێکردو تا هەنووکەش بەردەوامە..!

گفتوگۆیەکی درێـژی ئـەو ئێوارەیـەو دەیـەها شـەوو رۆژ و ئێـوارەی دیکـە لەتەك مـەلا هـەمزەدا سـەدەها دەرگاو پەنجـەرەی بۆ کردمـەوە، منـی بردەوە سەر هەموو ئەو رێگایانەی کە کەم کەس پێیدا رۆیشتبوو.. ئەو زاتـە فێـری کردم کە هەمیشـە ئەو توولـە رێگایانـە بکوتمـەوە کە کوێر بوونەتـەوە، یان زۆر بە دەگمەن خەڵکی کوتاویانەتەوە، ئەو گومانی لەو رێگایانە هەبوو، کە ئەگەرچی شارێگەن، بەڵام مادامەکیٚ رێگای هەموانە، مەزەندەی ئەوە بکەم کە رێگایـەکی هەڵەیـەو وێڵـم دەکات، رێگـای هـەموان، بـەواتا رێگـەی هـیچ کەس... توولەرِیٚ و کوێرەریٚ واتا رێگای خۆت و بەس... رێگایەك کە لـە گوینە بتباتەوە سەر قەڵایەکی پڕ لە نهێنی، سـەر گەنجینـەی سلێمان، سـەر شارێك کە هەموو شتەکانی ناوی تازەو مایەی سەرسامین، ئەشکەوتێك کـە تا بچیتە نـاوی پـتر رۆشنەو دیوارەکانی دەدرەوشێنەوە، زەریایـەك لـە بری هێلکە شەیتانۆکەو گویٚ ماسی، مرواری و مـەرجان و گەوهـەر کـەنارەکانی داپۆشیوە، لەوەدایە لەگەڵ "پەری زەریا" ژوان بگریت... ئەو فێری کردم لە گومان و پرسیارەکانم نەترسم، شەرم لە خەون و خەیاڵە حەرامەکانم نەکەم، فێری کردم کـە بەتـەنیا گەشتی ژیـانی خـۆم بکـەم... هەمیشـە نەسـرەوت و بزێو و خانە خەیاڵ و بیٚ ئۆقرە بم.. دڵ لەسەر دەستان لـە کـەس نەترسـم و خـۆم رابهێـنم کـە مـەرجی مرۆڤبـوون ئەوەیـە بـۆ هـەتا هەتایـە جـەنگاوەر بم، جـەنگاوەری رۆشـنایی، لـە هـەمووی سـەیرتر ئـەوە بـوو کـە فێـری کـردم کـە هەرگیز پێویستم بەو نەبێت، وەك ئەو باوکە میهرەبانەی هەردوو پـەلی کوڕە زۆر چـکۆلەکەی دەگرێـت و "تـاتی تـاتی" لـە قۆنـاغی گـاگۆلکێوە رووەو سەرپیٚ کەوتن دەیبات و ئیتر تا ماوە وازی لیٚ دەهێنێت کە لەسـەر هـەردوو پێی خۆی بە هـەموو دنیـادا سـەفەر بکـات، حەکیمانـە دەدواو سـادەو رەوان کە من لە مەرامی تێبگەم، پیاوێکی خاکی.. بیٚ هـەواو بـیٚ فیـز.. سـادە وەك خانووەکـەی... وەك جل و بەرگەکـەی... جـەنگاوەرێکی نەبـەز کـە جگـە لـە دڵی گەرمی خۆی و رۆحە رووتەکەی چەکێکی دیکەی پیٚ نەبوو شـەڕی پـیٚ

بکات، هەمیشە جێگەی گاز و قامچی جەللادەکان و برینەکانی سەر لەشە لاوازەکەی نیشانەی جەربەزەیی و جوامێری ئەو بوون کە دەربەستی ئەوە نەبوو بە کەسمانی پیشان بدات..
کە ئازاد دەکرا لە گەڕەکێ دەبوو بەقاوو دەنگ.. ئەرێ وەڵڵا مەلا هەمزە بەربوو..!
لەنێو هەموو پیاوەکانی گەڕەکدا ئەو تاکە کەسێك بوو کە راپێچی زیندان دەکرا لەسەر سیاسەتی قاچاغ و کتێبی حەرام.
من وەك پشیلەیەکی ترسنۆك لە هەیوانەکە نزیك دەبوومەوە... دیسانەوە دەکەوتمە بن دەست و پێی پیاوەکان کە منیان نەدەدی، مەراقی ئەوەم بوو بزانم ئاخۆ سەروسیمای، لەشی، جلەکانی بەری... نیگای ئازاو تیژی، دەنگی دلێر و پڕ خەمی... گۆڕاون یان وەکو خۆی ماون، لەو سەردەمەدا بە تەنیا ئەو ژن و پیاوانەم دەبینی گۆڕا بوون کە لە "حەج" دەهاتنەوە، بە کەشیدەی زەردەوە و شاگەشکە بە تەواف دەوری کەعبە ناز و سامێك دەنیشتە سەر رووخساریان.
لەناکاو هەر بە هەناسەو چرپەی نەرمی خۆیەوە منی شەرمنی بانگ دەکرد و لە دوورەوە دەنگی دەدام... ها.. ئەوە ئەتووی شێرۆ..؟
کە لێی ورد دەبوومەوە هەروەکو خۆی بوو، وەك حاجییەکان نەبوو... نە کەشیدەی زەردو نە سیمای پڕ لە نازی، من دەمزانی لەژێر سیپاڵی بەریدا چەند برینێك و جێ گازو کەڵبەی جەللادەکان وا بەسەر پێستیەوە، چونکە جار جار بەدزییەوە ژنە میهرەبان و خامۆشەکەی دوور لە چاوانی من و میوانەکانی تیماری دەکرد، هەروا بووەو هەمیشە وایە، پیاو چ راوچی بووبێت و چ جەنگاوەر، لە رۆژگار و سەردەمە دێرینەکانەوە، تا هەنووکە... چ سەرگەرمی سیاسەتی قاچاغ بێت.. هەمیشە ژنەکان و دایکەکان و خوشکەکان و کچە تەنیاو غەمگینەکان کوڕو براو باوك و دڵخوازەکانی خۆیان تیماریان کردوون، هەمیشە لەناو دەرگاوە بە چاوانی پڕ لە

فرمێسکەوە ماڵئاواییان لە پیاوەکان کردووە کە رووەو جەنگ و زیندانەکان راپێچ کراون یان بە خوایشتی خۆیان رووەو ئەو چارەنووسە ملیان لەتیغ هەڵسویوە و دەنێو جەنگەڵ و کوشتارگاو بەندیخانەکان خۆیان ونکردووە..
بۆ منێکی مێردمندالْ چەند قورس بوو کە مامۆستاکەی خۆم ببینم، کە چەند پیاوێکی خاکی پۆش بە قۆنداغە تفەنگان لە شان و شەپیلکە لاوازەکانی مەلا هەمزە بدەن و سەر و گوێلاکی پڕ لە حیکمەت و هەرای بکوتنەوە... منیش سایلی کچان و ژنانی گەڕەك کە بە ترس و شەرمەوە لەبەر دەرگا دەوەستان، لە سەربان، لەناو کۆلاْن کە بەدەم هەنسکەوە سەیری ئەو پیاوە جوامێرەیان دەکرد کە رووەو نادیار بێ ئاوڕدانەوە بە هەنگاوە چوستەکانی ساتمەی لە دار و بەرد دەکرد و پێی شەرم بوو خوێنی داچۆڕاوی لاجانگ و سەری بسڕێتەوە، بێباك هەروەك ئەوەی بۆ شایی یان میوانداری ئازیزێکی هەنگاو هەڵبێنێت، بە تیچاو لە ژنە خامۆشەکەی، لە دایك و باوکە پیرەکەی.. لە منداڵەکانی ورد دەبوومەوە...
غەمگین و سڕ و سەرسام و زەندەقچوو چەندە لە کۆمەڵە پەیکەرێکی ئادەمیانە دەچوون کە بە سیحری جادووگەرێك هەر تۆزێك لەمەوبەر لە تین و تاوی کۆست و کارەسات و خەمێکی گەورەدا بووبن بە پەیکەر، چەند پەیکەرێکی بەردین کە زۆر زەحمەت بوو بزانیت تۆزێك لەمەوبەر مرۆڤی زیندوو بوون، تەنها شتێك کە دڵنیای دەکردم زیندوون و تەواو نەبوون بە بەرد فرمێسکی سەر رووومەتیان بوو کە جۆگەلەی دەکرد و نەدەوەستا...
هەتا لە چاوان ون دەبوو ئێمە هەموو جگە لە چەند پەیکەرێکی خەم هیچی دیکە نەبووین.. پیاوەکانی دەرودراوسێ بە شەرم و تەریقییەوە لەو پیاوە وردیلەیان دەڕوانی کە لەهەر هەموویان کەڵەگەتتر بوو، کە وەك شمشێر بەڕێگادا دەڕۆیشت و کۆلاْنەکەی دەکرد بە دوو کەرتەوە.
بە منداڵی چەندە حەزم دەکرد ماڵمان لە گەڕەکی ئازادی بووایە کە لە چاو ئێمەی کەلاوە نشین ئەوان لە ژوورەکانی بەهەشتەوە لە سەرەوەڕا لە ئێمەی

قـەرەج و پـێ پـەتی و رووت و رەجاڵیـان دەڕوانـی، مـن و هاوڕێکـانم وەك پشیلەو سەگی برسی لەسەر گوفەك و سەرەنوێلکی ئەو گەڕەکە دەگـەڕاین و دەلەوەڕاین، کۆڵانی بێ سیان و قوڕ و لیتە، سەربانی بێ دڵۆپە، ژووری پڕ لە قاقاو هەتاو، پەنجـەرەی گەورۆنـەو هەمیشـە رۆشـن، دەروازەی دوو دەری و سێ دەری کە دەتوت بۆ میوانداری خودا ئـەو دەرگـاو حـەوش و باخچـەو هەیوانە رازاوەو کراوەن... وەلێ نا... هەرگیز نا... کـە تۆزێـك فەراقـە بووم و گەورەتر بووم پەشیمان بوومەوە لەو خەیاڵە خراپە... ئاخر کـێ دەڵێـت گـەر مـن منـداڵێکی گـەڕەکی خواپێـداوەکان بوومایـە مـەلا هـەمزە-م دەناسـی... ئەوسا هەرگیز بەختی ئەوەم نەدەبوو ئەو پیاوە رەنگاوڕەنگە بناسـم... ئـەو جـوامێرەی کـە هـەولێری پـێ دەناسمـەوە، وەك چـۆن بـە مینـارەی چـۆلی و قەڵات ئەو شارە دێرینە دەناسمەوە.. ئەو زاتە بۆ خۆی کە بـەپێوە دەوەسـتا (منارەی چۆلی) بوو.. کە دادەنیشت قەڵای هەولێر بوو.. کە خامۆش دەبـوو چیای سـەفین بـوو.. کـە دەدوا تەقینـەوەی کارێزەکـان و قاسـپەی کـەوەکانی قەرەچـووغ بـوو... هەمیشـەش وەك دەشـتی "قـەراج" سـادەو بـەپیت و بەرەکەت بوو...

دوا دیـدارمان چـەند مانگێـك لەمەوبـەر بـوو.. دوای پـتر لـە "30" سـاڵ لـە یەکـدی دابـڕان.. وەك دار بەڕوویـەکی بـە تەمـەن کـە حـەز نـەکات رەگ و ریشـەی لـەو خاکـە ببێتـەوە، وەك کانییـەکی پـیر کـە هـەرگیز ئامـادە نـەبێت کوێر ببێتەوە لەسەر پێخەفە نەخۆشـەکەی دانیشـتبوو، ژوورەکـە پێویسـتی بـە گڵـۆپ و فـانۆس نـەبوو، ئـەو وەك هەمیشـە چرایەك بـوو لـە حیکمـەت و جوانی... داگیرسا بوو... رۆمانێك بوو پڕ لـە کارەکتـەر و ململانـێ و گرێچـن و تان و پۆ و سەرچڵی و شەیدابوون... وەلێ بێ سەرەتاو کۆتـایی... کەچـی دەق نەشـکاو لەوێنـدەرێ بەسـەر خـەم و ئازارەکـانی خـۆی و پاڵەوانـەکانی نوشـتابۆوە.. رۆمانێـك کـە شـەرم لـەوە بکـەم بینووسمـەوە... گەرچـی بـە درێژایی تەمەنم سەد جاران لەسەر پەڕەی رۆح و بەرگی دڵم وشە بە وشـەی

بەخوێن سووری ئەو داستانی نەبەردییەم خوێندبۆوە، ئەو وەکو خۆی بوو... بێباك لەهێز و دەستەڵات... قیت وەستاو لە بەردەم فریوی زەمانەو بۆ هەمیشە نەبەزیو... هەتا زۆر بێباك لەو شێرپەنجەیەی کە ناو هەناوی دەخوارد... هەردووکمان باسمان لە هەقایەتی پیاوە بەتاڵەکان کرد... پیاوە داهۆڵەکان... ئەو زەلامانەی وەك ئەوەی سیاسەتبازی ناو "سێرك" بن و ئەوان تیایدا تەنافبازی بکەن... وەك ورچ هەڵپەڕن و وەك مەیموون لاسایی گەورەکانیان بکەنەوە، بە نرخی ئەو رۆژە لە بازاڕەکانی سیاسەتدا خۆ هەڕاج بکەن.. هەستم دەکرد مێژوویەك لە نائومێدی وا بەسەر شانە داکەوتووەکانییەوە و کەچی نەیدەویست بیٚ هیوابێت لە تێکۆشان و ململانیٚ و هێزی ئادەمیزاد... داستانی بردنەوە و دۆڕانمان گێڕایەوە، هەوراز نشێوی ژیان... من دڵم دەیوت ئەوەیان دوا دیدارەو ئیدی مەلا هەمزە ئاوا دەبیٚ.. وەلیٚ دەمزانی بۆ من ئەو وەك خۆر ئاوا دەبێت و بەیانی و دوو بەیانی و سیٚ سبەی و چەندەها بەیانی دواتر لەوبەری دەمکەلی حیکمەتێکەوە لەسەر سەری من هەڵدێتەوە و رۆحم رۆشن دەکاتەوە... بەدرێژایی ئەو دیدارە گوێم لە زرنگانەوەی دەنگی بوو کە پڕ بوو لە خەمی نەگەیشتن بە ئومێدەکانی خۆشبەختی و خۆشگوزەرانی ئینسان، لێرەو هەنووکە، ئەو دەنگە لە قەرای قەهرێکەوە دەهات.... قووڵ و گەورۆنەو رەگاژۆ وەك خەمی ئەبەدی ئینسان لەرۆحی سپی ئەو زاتەدا... جوانترین شت لەو پیاوە ئەوە بوو کە بە رۆحی سۆفییەکەوە دەجەنگاو... مایەپووچ لە تەماعەکانی پووچی دونیا... ئەو گڕی نەکوژاوەی شۆڕشێك لە سینەیدا کڵپەی دەکرد... من کە رازی دڵیم خوێندەوە... زمانم هەڵێناو پێموت تۆ خۆت فێرت کردم کە "عیسا" فەرموویەتی:

" چ کەڵکی دەبێت هەموو دونیات بردبێتەوە... کەچی خۆت دۆڕاو بیت".

سلێمانی

2009/11/23